### شایەتحاڵێکی ڕوخانی کۆماری مەهاباد

# خیانەتی سەرۆك هۆزەکان کۆمارەکەی قازی ڕوخاند لەسەرەوە بەڵێنیان پێداو لەژێریشەوە لەگەڵ شادا ڕێککەوتبوون



دیداری ئیبراهیم عەلی و هەلگورد سەمەد
هەولێر

● ئافرەتێکی هێمن و خانەدان و لەسەرخۆو وریا، ئافرەتێك کە مێژووی خیانەتی سەرۆك هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە سینەیدا حەشارداوە، ئامینەخان دایکی حسێن یەزدان پەنای سەرۆکی پێشووی یەکێتی شۆڕشگێرانە، ئەو خانمە کە تەمەنی لە ٧٠ ساڵ زیاترە لە یەکەم سەردانمان بۆ ماڵەکەیان لە هەولێر پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، بەتایبەت کە زانی بەمەبەستی کارێکی ڕۆژنامەوانیی سەردانمان کردووە، داوای لێکردین کە دوای کاتژمێرێك بگەڕێینەوە لای، چونکە نوێژی نیوەڕۆی نەکردبوو.

دوای کاتژمێرێك گەڕاینەوە ماڵەکەیان و لە ژوورەکەیدا دەستی بە قسەکانی کرد، بێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکات تا ئێمە پرسیارەکانی خۆمانی ئاراستەبکەین، وەك ئەوەی بزانێت پرسیارەکانی ئێمە چین.

ئەو وتی پێش دروستبوونی کۆماری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە تەواوی پارچەکانی تری کوردستان بەداخەوە شۆڕشی بەهێز هەبووە، بەڵام هیچیان ئەوەندە دەوامیان نەهێناوەو زوو کوژێندراونەتەوە، تەنها دوو شۆڕش گەیشتوونەتە لوتکە، هەرچەندە تەمەنیان کورت بووە، یەکێکیان شۆڕشەکەی پێشەوا قازی کە بەشێوەیەك تا ئێستاش هەموومان قازی بە پێشەوای خۆمان دەزانین، ئەوەی تریشیان شێخ مەحمودە کە هەموومان بە مەلیکی خۆمانی دەزانین، بەداخەوە شۆڕشەکانی تر هیچیان نەگەیشتوونەتە ئاستی سەرۆکەیاتی، جگە لەم دوو شۆڕشە.

ئامینە خان ئەو خانمەی کە لەنێو بنەماڵەکەیدا بە دایە خانم ناسراوە، ئاماژەی بەوەدا کە بۆ ئیعلانکردنی کۆمار مەهاباد دیاریکرا بوو کە لەوێ ئاڵا هەڵکات و لەوێوە لە هەموو لادێ و شارو شارۆچکەکانی تر دەستکرا بە هەڵکردنی ئاڵا تا سەر چۆمی مەجی خان کە ماڵی بابی خۆی لە سەروو قامیشی فەیزوڵڵا بەگ بوو، ئامینە خان خۆی لەو مەجلیسە بووە کە خەڵك لەوێ کۆدەبوونەوەو سێ جار سوێندیان بە قورئان خواردووە کە خیانەت لە کوردو کوردستان نەکەن، بەڵام بە بڕوای ئەو هەندێك لەوانەی سوێندیان بە قورئان خوارد خیانەتیان لە پێشەواو کوردو کوردستان کرد، هەرچەندە فەقیرو هەژارەکە سوێندیان خواردبوو، خیانەتیان نەکرد، بەڵام خیانەتی سەرۆك هۆزەکان وایکرد ئەم کۆمارە ساوایە دەوامی زیاتر نەهێنێت.

ئەو خانمە کە زۆر بەحەماسەتەوە قسەی دەکرد، سەبارەت بە خیانەتی سەرۆك هۆزەکان وتی: "ئەم کۆمارە کە تەمەنی ١١ مانگ بوو، بەڕاستی کۆمارێکی ناکام بوو، بەداخەوە هەموو شۆڕشەکانی کورد لەوەدا تواونەتەوە کە لەنێو خۆیاندا دەستەیەك شۆڕشی کردووەو دەستەیەك خیانەتی کردووە، لەو سەردەمەشدا هەموو سەرۆك هۆزەکان لەبەردەم قازیدا سوێندیان خوارد کە خیانەت نەکەن کە بریتی بوون لە (فەیزوڵڵا بەگییەکان، دێ


سەدری قازی


پێشەوا قازی محەممەد


سەیفی قازی

موکرییەکان، گەورکەکان، مەنگوڕییەکان، مامشییەکان)، ئەمانە هەموویان لەسەرەوە پشتگیری پێشەوا بوون، بەڵام زۆربەیان لەژێرەوە لەگەڵ شا بوون، لەبەرئەوەی ئەم کۆمارە دەستی خائینی تێدابوو، بۆیە خۆی بۆ رانەگیرا، چونکە هەموو جووڵانەوەیەك هەرچەندە بەهێزیش بێت، ئەگەر خائینی لەگەڵدا بێت تێکدەشکێت، پیلەوەری کە فیرقەی ئازەربایجان بوو، دەوڵەت لە شوێنێکەوە کە پێیدەڵێن (چروسات)، هێرشی کرد بۆ ئازەربایجان، پیلەوەری فەوری تەسلیم بوونو هەڵاتنو رۆیشتن، بۆیە لە تەبریز ٢٠ هەزار کەس کوژران، بۆ ئەوەی لە شارەکانی تر ئەم کوشتوبڕە دووبارە نەبێتەوە، پێشەوا لەگەڵ مەلا مستەفای بارزان نەرۆیشت، دەوڵەتی ئێران بە پاڵپشتی سەرۆك هۆزە کوردەکان کۆماریان رووخاند، ئەگەر سەرۆك هۆزەکان هەموویان دەستیان لەناو دەستی یەکتر بووایەو پشتی قازیان بەرنەدایە، من دڵنیام ئەم کۆمارە وا بەئاسانی نەدەڕووخا، سەرۆك هۆزەکان لەم ناوچانە دەسەڵاتیان زۆر بوو، چونکە زیاتر لە ٢٠ هەزار چەکداریان لەگەڵ بوو، بەڵام ئەوانی تر ئەوپەڕی ٤ هەزار چەکداریان لەگەڵ بووە.

جا بەداخەوە ئەمانە هەموویان یەك نەبوونو خیانەتیان کردو لەژێرەوە لەگەڵ شادا هاوکارییان کرد، ئێستاش زۆر کەس هەیە بابو باپیریان خیانەتیان لە قازی کردووە، کەچی باس لە کۆمار دەکەن".

ئامینە خان لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە کۆمارەکەی مەهاباد، وتی: "من خۆم کە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەم پێکەنینم دێت، لێم دەپرسن بۆ پێدەکەنیت؟ دەڵێم ئەوەی باسی کۆمار دەکات خۆی بابو باپیری خیانەتی لە کۆمار کردووە، چۆنی لە روو هەڵدێت کە باسی کۆمار دەکات".

لەبارەی ئەو هەڵانەی کە پێشەوا لە بەڕێوەبردنی ئەم کۆمارەدا کردوونی، ئامینە خان وتی: "پێشەوا خودی خۆی هیچ هەڵەیەکی نەکردووە، بەڵکو خائینەکان هەڵەیان پێکردووە، پێشەوا کە زانیویەتی پشتی بەردەدرێتو لەژێرەوە پشتی بەردراوە، بۆیە ئەم کۆمارەی وەك پێویست پێ بەڕێوەنەچووە، ئەگەرنا تا ئەو کات کەس نەبوو کە گلەیی لە پێشەوا هەبێت".

ئامینە خان خۆی لە هۆزی فەیزوڵڵا بەگییەکانە، وتی: "ئێمە وەك فەیزوڵڵا بەگی لەگەڵ پێشەوا خاڵۆزاو پورزا بووین، لە کۆماردا پۆستە سیاسییەکان لەدەست هۆزی (دێ موکرییەکان) بوو، بەڵام پۆستە عەسکەرییەکان لەدەست فەیزوڵڵا بەگییەکان بوو".

لەبارەی خیانەتی هەر یەك لەو هۆزانە کە پشکی شێرییان بەرکەوتبوو لە بەڕێوەبردنی کۆماردا، ئەو خانمە وتی: "بمانەوێو نەمانەوێ هۆزی دێ موکرییەکان خیانەتیان لە قازی کرد، هەرچەندە ئێستا نەوەکانیان کەسی شۆڕشگێڕن، بەڵام ئەوکات شادۆست بوون، ئەو کاتەی بارزانییەکان رۆیشتن بۆ روسیا، سێ پیاوی (دێ موکرییەکان) رێ بە سێ ئافرەتی بارزانی دەگرن بۆ ئەوەی ئەتکیان بکەن، بەڵام ئەم سێ ژنە لێیان دێنە کارو دووان لەو دێ موکرییانە دەکوژنو خۆیان ئەگەیەننەوە بە بارزانی".

لەبارەی لەتبوونی حیزبی دیموکرات، دایە خانم وتی: "حزبی دیموکرات درێژەپێدەری رێبازەکەی قازین، بەڵام بەداخەوە ئەو حزبە رێبەرییەکەی زەعیفە کە ئێستا بوونەتە دوو پارچە، لەسەر دەسەڵات لەناو خۆیاندا چەقۆ لەیەکدانیان لەنێو پەیدابووە".

سەبارەت بە رۆڵی قاسملوو تا لە ژیان بوو، ئەو خانمە وتی: "قاسملوو پیاوێکی ئازاو لێهاتوو بوو، بەڵام قاسملوو قەت داوای سەربەخۆیی کوردستانی نەکردووە، بەڵکو داوای (خودموختاری) کردووە، داوای بەڕێوەچوونی کردووە لە چوارچێوەی ئێراندا، نەك فیدراڵیی یا دەوڵەتی کوردی".